www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:14 19-7-2006

# بەرزەخ.... ئارام قەرەداغی

Aram_qaradaghi@hotmail. com
www. kurdistannet. us/aram
سلێمانی



چەند جوانە ئەم تاریکیە
چەند جوانە ئەم هەموو نغرۆ بونە تا سەر ئێسقان لەتاریکیدا
ئەگەڕێمەوە بۆلای ئەو هەناسانەی کەبەجێم هێشتون
لەودیوی ناخی منەوە ئەودیوترهەیە
لەقوڵای هەناسەکانیشمدا قوڵایی قوڵتر
کەگەڕامەوە،
بەخاك و خۆڵدا دێمەوەو
قاچەکانم خۆڵ دەیگری و
ئەڵێم:
نالی بە ئیجازەی تۆ
بەنەفرەتبی ئەی حەبیبە
چەند خۆشبو لافاوێك بیبردینایە
من دەمەوی دوێنی کۆبکەمەوە
بۆ کۆکردنەوەی دوێنی چەندەها بەیانی ترم پێویستە
چەندەها دەفژەنم دەوی
ئێی دەفژەن... من ئیقاعێکی دەروێشانەم لێتدەوی
دەی ئیقاعێك... تەنها ئیقاعێك و بەس
من پێویستم بەوەیە حاڵبمگرێت

دەی.. تەنها ئیقاعێکی دەروێشانەو بەس
چەند شەرمەزاریە ئەم نزیکیە لەئەرزەوەو
ئەم دوریە لەئاسمان
تۆچەند مەغروری بەوەی نزیکتری لە ئاسمان و
دورتری لە خ ۆ لْ
ئەو بەدەم سەرخۆشیەوە دەیگوت
خودایە من تۆم خۆشەوی
خودایە... تۆدەپەرستم
ئێمە لەسەرخۆشیدا چەند ڕاستگۆترین
ئێمە لەسەرخۆشیدا
چەند وردتر بۆهەناسەکانمان دەگەڕێین
لەم بەرزەخەدا
ڕۆژ ئەدەینە دەم شەو
جگەرە ئەدەینە دەم ج گ ە رە
بەرزەخ ئەدەینە دەم ب ە ر ز ە خ
لەم بەرزەخەدا
لەدوێنی وردئەبینەوە
بۆسبەینی ئێمەنامانەوی
لەخەو هەستین و بەزۆر لەژێرجێگا دەرمان دێنن
ئەری جەنگریزخان
کەتۆ لەجەنگەکان جێدەمای
چۆن ڕۆژەکانت س ە ر ە ب ڕ ی
ئەری تۆ
هەرگیز ڕۆژێك شتێکت لێ ون بووە
کەلێرە دەڕۆین هەمیشە بەپەشیمانی دەڕۆین
چەند پێویستمان بە ئازادبونە
ئازادبونی ڕۆح لە جەستە
ئازادبونی من
لەتەوتەمەکانی ئێوە
ئازادبونی من
لەتاپۆی تەوتەمەکانتان
من پێویستم بەهەنگاوێکی ئازادانە هەیە
هەنگاوێك بەبی جەستە
بەبی تەوتەم
بەبی تاپۆ
من سەرم لەزەندەقەوە دەرەچێت و
لەناو ئیمانا ئەمرم
سەرم لەگومانەوە دەرەچی و
لەناو جێگەکانی یەقینا ئەنوم

من چەند پێویستم بە هەنگاوێكە ئەی دەفژەن
تەنها هەنگاوێك و بەس
چەند هیلاكین بەدەست ئەم گەڕانە بێ هودەیەوە
بەم خەڵتانی غوربەتەوە ئەگەڕێین وهەر نامۆین
كەشەكەت بویت
ئالاكە هەڵكەو نەشیدێك بڵی بۆ وەتەن
لەناو دەشتاییەكانی تۆدا
ون دەبم و
هەر لەناو تۆدا
بۆ تۆو بۆ شتی تر ئەگەڕێم
بەسەر شاخەكانی تۆوە ئەمرین لەبرساو
قارچكێكمان دەست ناكەوی
لەناو دۆڵەكانی تۆدا
بەدەم گەڕانەوە تۆز ئەمان خوات و
دوودەنك خڕنوك.. تۆزێك ئەسپۆن
هەر هیچ هیچمان چنگ ناكەوێ
من هەر ئەبی لێرەوە بڕۆم وەتەن
ئەعرافێكی دورو درێژ
بەكۆڵمەوەیە
بالەم تاریكیەدا
بەتاریكی سەیری دەفەكان بكەین ئەی دەفژەن
بەتاریكی سەیری دوێنی بكەین
كەمۆمێك ئەكوژێتەوە
ڕەنگێك جوانترە بینین
لەباوەشێكا ئاسودەتر ئەژین
من هەناسەیەكم لەژێر دارێكی بەهەشتا جێهێشتبوو
كەدەچم هەڵیگرمەوە
بەیەك پریاسكە سێوەوە ئەڕۆم
بەیەك تورەكە گەنمەوە ئەگەڕێمەوە بۆ ئەوی
چەند دورن هەناسە بەجێماوەكانی ئێمە
چەند پەرتەوازەن پارچەی نەشیدەكانی وەتەن
چەند بەهیلاكی ئەژین
چەند بەموحتاجی ئەمرین
كاتێك چنگەكانمان پڕە لەخوێنی بنیادەم
هاواردەكەین... باپیرە دوای تۆ
براكانمان خیانەتیان لێكردین
باپیرە.. براكانمان
هەرلەدوای تۆوە
لەدەرگاكەی پشتەوە هاتوچۆ ئەكەن

باپیرە ... ئێمەین ئەوکاروانەی
کە لەئادەم و لەتۆ جێدەماین .. ئێمەین .. ئێمە
ئێستا لەبەینی کتێبەکان
لەژێر پێڵاوەکانی یەکتری
لەناو باخچە گشتیەکان
بۆ هەناسەکانمان دەگەڕێین
باپیرە .. تۆبڵێی کۆیان کەمەوە
بەدوو لێوی تەزیوەوە
دەم لە ئایاتەکانی فەنابونە کوتم
باس لەون بونی وجودەکەم
ون بونی ڕەها
دەی با ون بین
دەی کۆیان کەوە
تا قوڵتربینەوە
هەناسەی جیماوی دورترمان هەیە
قوڵتر
ڕۆچوتر لە ڕۆچونا ...